

عومەری سەید عەلی:

هەروەك ئەنجوومەنی نیشتمانیمان یەکخستەوە, دەبێت ئاواش هەوڵبدەین ئیدارە کەرتکراوەکەمان یەکبخەینەوە

چاوپێکەوتنی کاروباری سیاسی

بەبۆنەی یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق- خولی گواستنەوە، ڕۆژی 2002 /10/4 لەشاری هەولێر لەدەیەمین ساڵیادی دەرکردنی بڕیاری فیدرالی لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە، دوای زیاتر لەشەش ساڵ دابڕان هەڤاڵ (عومەری سەید عەلی) ئەندامی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دیدارێکدا دەربارەی ئەو کۆبوونەوەیەی ئەنجومەنو هەنگاوەکانی دواتری پرۆسەی ئاشتی، بۆ (کوردستانی نوێ)دووا:

***چی لەکۆبوونەوەی (2002/10/4)ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان چاوەڕوان دەکرێت؟**

-سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم" کەئەم کۆبوونەوەیەی ئەنجوومەن یەکێکە لەدەرەنجامەکانی هەوڵو تەقەلای بێوچانی هاوبەشی هەردوو سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان لەماوەی پتر لە (4)ساڵو نیودا, ئەوەبوو لە1997/12/3دا هەڤاڵ مام جەلال وەك موبادەرەیەکی مێژوویی بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی لەکوردستاندا، نامەیەکی بۆ کاك مەسعود بارزانی نارد، پاش ئەوەی کاك مەسعود بەشێوەیەکی ئیجابی وەڵامی ئەو نامەیەی مام جەلال-ی دایەوە، هەندێ نامەی تر ئاڵوك\گۆڕکرا, لیژنەی باڵای ئاشتی پێکهات لەهەردوولا, وە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی لە (1998/2/12)دا ئەنجامدا لەشەقڵاوە, کۆبوونەوە بەردەوامەکانی لیژنەی باڵای ئاشتیش ڕێککەوتننامەی واشنتۆنی لێهاتەبەر, کەڕۆژی (1998/9/17) بەسەرپەرشتی وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا خاتوو (مادلین ئۆلبرایت)و لەلایەن بەڕێزان مام جەلالو کاك مەسعود-ەوە ئیمزاکراو لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەواشنتۆن بەمەش لاپەڕەی ڕەشی شەڕی ناوخۆ بەیەکجاری پێچرایەوە.

ئەم کۆبوونەوەیەی ڕۆژی (10/4)ی ئەنجومەنی کوردستانیش, یەکێك لەبەندەکانی ڕێککەوتننامەی واشنتۆنە، سەرەڕای ئەو بەندانەی کەپەیوەندی بەئاساییکردنەوەی بارودۆخی هەرێمی کوردستانو مەسەلەی داهاتو ئازادکردنی گیراوەکانو گەڕانەوەی ئاوارەکانو ڕێکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکەو ئەنجامدانی ئاماری گشتیو سەرژمێرو ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی نوێی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانەوە هەیە.

لەماوەی (4)ساڵو نیوی ڕابردوودا, لیژنەی باڵای ئاشتی زیاد لە(80)کۆبوونەوەی ئەنجامداوەو هەنگاوی زۆرمان ناوە بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی واشنتۆنو بەرەو ئاساییکردنەوەی یەکجاریو تەواوی بارودۆخی کوردستان, لوتکەی ئەم هەنگاوانەش سەردانەکەی ڕۆژی (2002/9/7)ی هەڤاڵ مام جەلال بوو بۆ پیرمامو کۆبوونەوەی لەگەڵ کاك مەسعود بارزانی, کەدواتر بەیانی هاوبەش ڕۆژانی (7-8ی ئەیلولی 2002)ی لێکەوتەوە, بەگوێرەی ئەو بەیاننامەیە" (4)لیژنەی فەرعی پێکهێنرا بۆ جێبەجێکردنی تەواوی ئەو خاڵە بنەڕەتییانەی کە لەڕێککەوتننامەی واشنتۆنداهاتووە بۆ ئاساییکردنەوە.

کۆبوونەوەکەی ڕۆژی (2002/10/4)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانیش-خولی گواستنەوە, کە لەسالڕۆژی بڕیاردانی فیدرالیدا دەبەسترێت, کەئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لە (1992/10/4) بەکۆی دەنگ پەسندیکرد, وەك شێوەی پەیوەندیی ئایندەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیی عیراقدا، ئەم کۆبوونەوەیە بەرهەمی هەوڵوتەقەلا بەردەوامەکانی سەرکردایەتیی هەردوو حزبە.

لەم کۆبوونەوەیەی ئەنجومەندا, بەڕێزان مام جەلالو کاك مەسعود ئامادەدەبنو ژمارەیەك لەدیپلۆماتو ڕۆژنامەنووسانی دەرەوەو نوێنەرانی حزبەکانی ناوخۆ بانگهێشتکراون بۆ ئامادەبوونی ئەو کۆبوونەوەیە، ئەوە کۆبوونەوەی یەکەمی یەکگرتنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەبێت بەهەردوو فراکسیۆنەکەوە لەگەڵ لیستی مۆردا. پاش ئەو ماوە دوورو درێژە کە لەسەرەوە باسمان کرد.

***واتە ئەم کۆبوونەوەیە زیاتر کۆبوونەوەیەکی مەراسیمی دەبێت؟**

-بەڵێ.. ئەمە یەکەم کۆبوونەوەیە مەراسیمی دەبێت, کۆبوونەوەی دووەم دوای چەند ڕۆژێك لەسلێمانی دەبەسترێتو هەروەك کۆبوونەوەی یەکەم دەبێت, لەکۆبوونەوەی سێیەمدا سەرۆکی ئەنجومەنو جێگرەکەی دیاری دەکرێن، هەروەها سەرۆکی فراکسیۆنەکانو جێگرەکانی.

پێکهاتەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-خولی گواستنەوە, بەم شێوەیە دەبێت: (51)کورسی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانو (49)کورسی بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.. بڕیارەکانی ئەنجومەن بەتوافق دەبێت، هەندێك بڕیاری ئیجرائی نەبێت کەئەویش دەبێت هەردوولا لەسەری ڕێکبکەون. ئەرکەکانی ئەنجوومەن ئەوە دەبێت کە لەڕێککەوتننامەی واشنتۆندا هاتووە" تەواوکردنی هەنگاوەکانی ئاساییکردنەوە، پیاچوونەوە بەداهاتەکاندا، گەڕانەوەی ئاوارەکان، ئازادکردنی گیراوەکان، لەهەمووشی گرنگتر گۆڕینی یاسای هەڵبژاردنو ئەنجامدانی ئامادەکارییەکان بۆ هەڵبژاردن, کەدەبێت لەماوەی (9)مانگدا لەیەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنەوە ئەنجام بدرێت.

***ئایا خشتەیەکی زەمەنی دانراوە بۆ یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە؟**

-دەبێت هەردوولامان هەوڵبدەین ئیدارەکان یەکبخەینەوە، یەکێك لەئەرکەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانیش" یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکەیە.

***ئاماژەتان بەوە داوە" کەیەکێك لەئەرکەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان-خولی گواستنەوە, ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کوردستان دەبێت. کەواتە" ڕۆڵی لیژنەی باڵای ئاشتی چی دەبێت؟**

-ئەو کارانەی ئەنجوومەن دەیکات بەهاوکاریو هاوبەشیو تەنسیق لەگەڵ لیژنەی باڵای ئاشتی ئەنجامی دەدات, هەردوولایان پێکەوە کارەکان ئەنجام دەدەن. ئەم هاوکاریو هەماهەنگییەش لەڕێککەوتننامەی واشنتۆندا دووپاتکراوەتەوە. ڕۆڵی لیژنەی باڵای ئاشتیش گرنگە, چونکە وەك پێشتر باسمکرد" ئەو لیژنەیە لەماوەی ڕابردوودا زیاتر لە(80)کۆبوونەوەی بەستووە, واتە" بەوردیو قووڵی ئاگاداری هەموو گرفتو کێشەکانە, هەروەها لەدوای ڕێککەوتنەکەی (8-9)ی ئەیلولی پیرمام, (4)لیژنە پێکهێنرا:

یەکەمیان" لیژنەی فیدرالی, کەپرۆژەیەکی هاوبەشیان بۆ فیدرالیزم گەڵاڵەکردووەو ئەم پرۆژەیە دەدرێت بەحزبە کوردستانییەکان, تا بەڕاو سەرنجەکانیان دەوڵەمەندی بکەن, دواتریش دەخرێتە بەردەستی ئەنجوومەنی نیشتمانی تا دەوڵەمەندتری بکاتو بڕیاری لەسەربدات، پاشان بدرێتە لایەنەکانی تری ئۆپۆزسیۆنی عێراقی.

دووەمیان" لیژنەی ئەمنییە, بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ناوخۆ دژی کاری تیرۆرو دژی هەڕەشەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری.

سێیەمیان" لیژنەی ئاساییکردنەوەیە, کەهەوڵدەدات ئاسەوارەکانی بارە نائاساییەکانی ساڵانی ڕابردوو بسڕێتەوە, وەك گێڕانەوەی باقی خانووە تاپۆکراوەکانو خانووە حکومییەکانی هەردوولا بۆ یەکتر, هەروەها گێڕانەوەی بارەگاکان بەکردنەوەی لقو مەڵبەندەکان, دواتر مەکتەبەکان.

چوارەمیشیان" لیژنەی یەکخستنی هەڵوێستەکانە, واتە یەکخستنی گوتاری سیاسیی کوردستان, کە بەیەك دەنگو یەك را لەگەڵ دەرەوە قسە بکەین, لەگەڵ دەوڵەتانی ئیقلیمیو ئەورووپاو ئەمریکا, بۆ هێنانەدی داخوازییەکانمان.

***سەبارەت بەگەڕانەوەی لقو مەڵبەندەکان, ئایا جەدوەلێکی زەمەنی دانراوە بۆ ئەنجامدانی ئەو مەسەلەیە؟**

-بەڵێ.. (10)ڕۆژ دوای یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان, مەڵبەندو لق لەسەر ئاستی هەولێرو سلێمانی دەکرێنەوە، پاشتر مەڵبەندو لق لەشارەکانی تری کوردستان دەکرێنەوە.

***وەك باستانکرد" یەکێك لەئەرکەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان-خولی گواستنەوە, گۆڕینی یاسای هەڵبژاردنە.. ئایا دەکرێت بزانین ئەو گۆڕینە چۆن دەبێت؟**

-ئەو گۆڕینە یاسای هەڵبژاردن، ئەنجوومەن خۆی دوای گفتوگۆو توێژینەوە بڕیاری لێدەدات, یاسای هەڵبژاردنی (1992) بەشێوەی نسبی بوو, ڕێژەی پێویستی دەنگەکانیشی بۆ چوونەناو ئەنجوومەن (7%) بوو, دیارە ئەمە ڕێژەیەکی بەرزە, ئێمە پێمان چاکە یاسای نوێی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی وابێت" کەئەنجوومەن نوێنەری زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێت, نوێنەری هەموو چینوتوێژە کۆمەڵایەتییەکان بێت لەڕاستەوە بۆ چەپ, لەئیسلامییەوە بۆ عەلمانی, هەروەها نوێنەری گشت نەتەوەکانی کوردستان بێت, ئێمە دیدوبۆچوونمان وایە (1%)بێتو هیوادارین برادەرانی پارتیش هەمان دیدوبۆچوونیان هەبێت.

بۆ ئەو ڕۆژەی کورد بەیەك دەنگ داوای فیدرالیی کرد

ئا: فەلاح کەریم

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان یەکەمین ناوەندی مەدەنیو دیموکراسیی خەڵکی کوردستانی عیراق بوو, کە بەدرێژایی تەمەنی دەوڵەتی عیراق یەکەم جار بوو ناوەندی ئاوەها بەخۆیانەوە بینن.

هەڵبژاردنی پەرلەمانو دەستبەکاربوونی" خۆی لەخۆیدا یەکخستنی هەڵوێستی گەلی کوردستانی عیراق بوو لەبەرامبەر ڕووداوەکانداو لەناو ئەو ناوەندە هەڵبژێردراوەی خەڵکی کوردستانیشدا بوو, کەکورد بەیەك دەنگو یەك ئیرادە بڕیاری فیدرالی وەك ڕێگەچارەی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەعیراقدا پەسەندکرد, ئەمەش بوو بەبناغەی پرۆژەیەکی فراوانتر کەئێستا مایەی باسو گفتوگۆو پشتیوانی هێزە سیاسییەکانی دیکەی عیراقیشە.

ئەو بڕیارە لەڕۆژی (1992/10/4)دا پەسەندکراو ڕۆژی (2002/10/4) (10)ساڵ بەسەر ئەو بڕیارەدا تێدەپەڕێتو دوای پچڕانێکی چەند ساڵی، ڕۆژی (2002/10/4) کۆدەبێتەوە.

بۆ ئەم یادەو ئەو ڕۆژە پیرۆزە, بەچاکمانزانی لەچەند پەرلەمانتارێك بپرسینو بڵێین" لەو یادەدا چی دەڵێیتو هەست بەچی دەکەیت, بەتایبەت کەئەو ڕۆژە یادی بڕیارێکی مێژوویی چارەنووسسازە؟

گەلاوێژ جەباری

پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا

بەکری حاجی سەفەر

م. محەمەد ئەمین چەمچەماڵی

***خاتوو گەلاوێژ جەباری وتی:**

-لەم ڕۆژەدا هەست بەخۆشی دەکەم, بەتایبەت کەهەوڵی دۆستەکانمان بۆ ئاشتیو دووبارە کۆبوونەوەی پەرلەمان سەریگرتو هیوادارم پەرلەمانی کوردستان بتوانێت ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکات, کە لەسەریەتیو خۆی بۆ هەڵبژاردنێکی دیکە ئامادە بکات. هەروەها ئەم ڕۆژەی کەدەستنیشانکراوە ڕۆژێکی پیرۆزە, چونکە کورد بەتێکڕای دەنگی نوێنەرەکانی لەپەرلەماندا بڕیاری فیدرالی وەك چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەی کورد پەسەندکردو لەچوارچێوەی عیراقێکی دیموکراتیی فیدرالی پەرلەمانیدا ڕایگەیاند.

*** پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ وتی:**

-ڕۆژی (1992/10/4) هەستمان بەوە دەکرد کەهەموومان یەك کەسینو هەموو پەرلەمانتارەکان بەیەك دەنگ دەنگیان دا, ئەو بڕیارەش بۆ کۆبوونەوە دراوەو هەستێکی گەورەیە, چونکە هەست دەکرێت برینێکی قووڵمان هەیەو چارەسەر دەبێت, چارەسەرێك کەمافەکانی تێدا دەبینرێتو هیوادارم ئیرادەی گەلی کوردستان هەمیشە سەرکەوتووبێتو کۆبوونەوەی ئەمجارەی پەرلەمان پچڕانی تێنەکەوێت.. ئەگەرچی شەڕی ناوخۆ نەهامەتییەکی هەرە گەورەبوو و زیانی لەهەموو دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین دا, ئاستی دەروونیی جەماوەر گەیشتە ئاستێك کە بەچاوی ڕقەوە لەڕاپەڕین بڕوانن, بەڵام سەرەنجام بەرپرسانی سیاسیی کورد گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کەشەڕو دووبەرەکیو ناکۆکی نەك هەر هیچ دەستکەوتێکی نابێت, بەڵکو هەموو چارەنووسەکانیش دەخاتە بەر مەترسییەوە.. ئەگەرچی جێبەجێکردنی پرۆسەکانی ئاشتبوونەوە زۆر درەنگ کەوتن, بەڵام جێگەی ئومێدی خەڵکییەو بەچاوی پیرۆزییەوە لێی دەڕوانن.

***هەڤاڵ بەکری حاجی سەفەر سەبارەت بەهەستی جەماوەریی وتی:**

-ئەو پەرلەمانەی کە بەکۆی دەنگ بڕیاری فیدرالی لە (1992/10/4)دا وەك چارەسەرێك بۆ کێشەی گەلەکەی لەعیراقدا پەسەندکرد, ئومێدی هەموو خەڵکی کوردستان بوو, ئێستاش پاش (10)ساڵو دوای ئەو هەموو نارەحەتیو ناخۆشییانە لەو ڕۆژەدا کۆدەبێتەوەو ئومێدێکی گەورە دەبێت بۆ خەڵك, بەتایبەت ئەو ڕۆژە بیر جەماوەر دەهێنێتەوە" کەفیدرالی ڕێگەچارەی کێشەکەمانە.

هەروەها وتی:

-ئەو ڕۆژە لەمێژووی ئێمەدا بۆ هەتایە لەبیرناکرێتو لەوکاتەدا بڕیارێکی بوێرانەو دووربینی سیاسەتکارانی کورد بوو بۆ ئایندەیان, کەتوانییان بۆ یەکەم جار لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا باس لەسیستمی (دیموکراتی, فیدرالی, پەرلەمانی) بۆ عیراق بکەن, بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی کەدەیانوت" کورد دەیەوێت دەوڵەتی خۆی ڕابگەیەنێت. هیوادارم ئەم کۆبوونەوەیە فاکتەرێکی دیکەی بەهێزی بێتو سەرلەنوێ بیسەلمێنینەوە" کەکورد توانای یەکگرتنو بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی هەیەو دەبێت خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات, بەتایبەت کەئەمڕۆ دەوڵەتە زلهێزەکانیش دەنگیان لەئاست ئەو تاوانانەدا بەرزکردۆتەوە, کەدەرهەق بەکورد ئەنجامدراون.

بارودۆخی دوو ئیدارەیی, کەبووبوو بەدیفاکتۆیەك لەهەرێمی کوردستاندا مەترسییەکی دەروونیی گەورەی لەناو جەماوەردا هێنابووە ئاراوە, بەجۆرێك کەهەندێك لەچاودێرانی سیاسیش پێیانوابوو" ئەو بارودۆخە هەروا درێژەی دەبێت, بەڵام دوای دانیشتنەکانی (8و9)ی ئەیلولی ڕابردووی هاوینەهەواری سەڵاحەدین, ئەو مەترسیو خەمانە بەتەواوی ڕەوینەوە.

هەروەك ماموستا محەمەد ئەمین چەمچەماڵی ڕوونیکردەوەو وتی:

-ئەم بڕیارە لەڕووی سیاسییەوە گوزارشت لەئاستی بەرزی سیاسی گەلی کوردو سیاسەتمەدارانی ئەمڕۆی گەلەکەمان دەکات, چونکە:

1-داواکارییەکان لەڕێی دەزگایەکی دیموکراسی هەڵبژێردراوەوە ڕاگەیاندراوە, کە لەڕووی شەرعو یاساوە مافی خۆیەتی نوێنەرایەتی سەرجەم گەلی کوردستانو هەموو چینوتوێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بکات, هەروەها داخوازییەکانیشی لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی باڵاتر بگوازێتەوە.

2-ڕاگەیاندنی سیستمی فیدرالی وەك شێوازێك بۆ پێکەوەژیانی دیموکراسیو فرەحزبی لەگەڵ گەلانی عیراقدا, لەلای حکومەتەکانی ناوچەکەو حکومەتە پێشکەوتوو و دیموکراتخوازەکانو گەلانی خاوەن ئەزموونی شارستانیو ئازادیخواز بەشێوازێکی (مقبول)و زیرەکانەو بوێرانە لەقەڵەمدرا, ئەمەش لەبەرئەوەی هەم بەشێکی زۆر لەداخوازیو مافەڕەواکانی گەلەکەمان دێنیتەدی هەم کێشەی پارچە پارچەکردنی خاکی عیراق ناوروژێنێ, بەڵکو بەپێچەوانە (سیستمی فیدرالی) یەکێتیی خاکی عیراقو پەیوەندی نێوان گەلانی عیراق, لەڕێی یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانەوە باشتر ڕێکدەخات, نەك زەبروزەنگو بەزۆر بەسەردا سەپاندن, هەروەها گەلی کوردیش لەمەینەتیو ستەمو زۆرداریو داگیرکردنو مەترسیی پاکتاوکردنی ڕەگەزیی دەپارێزێت.

3-ئەم ڕاگەیاندنە بۆ هەموو دنیای سەلماند" کە بەڕاستی گەلی کورد گەلێکی شارستانییەو ئاشتیخوازو مرۆڤدۆستەو ئەگەر داگیرکەران وازیان لێبهێنن, ئەوە دەتوانن بەباشترین شێوە ئازادیو دیموکراسیو ئاشتیو مافی مرۆڤ لەوڵاتی خۆیاندا بپارێزنو بەڕێوەبەرن, تەنانەت دەتوانن ببن بەنموونەیەك لەم بوارانەدا, کەتەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك ئەزموونێکی سەرکەوتووی دیموکراسی لێی سوودمەندبن.

4-ڕاگەیاندنی فیدرالی بانگەوازێك بوو بۆ هەموو گەلانی پێشکەوتووخوازی جیهانو بۆ هەموو شارستانییەتەکانی سەلماند" کەئەمڕۆ گەلی کورد بەعەقڵی سەردەمو گوتاری سیاسیی سەردەم, بەزمانی دنیای ئەمڕۆ داوای مافەڕەواکانی خۆی دەکات.